گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(2).Paper9
ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 02/08/2023
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 14/09/2023
ڕێكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/04/2025

# دەلالەتە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ڕەنگی سپی لە شیعری هەندێك لە شاعیرانی هاوچەرخی کوردییدا

**شاخەوان باوەدین کریم[١] - دەریا جەمال حەوێز[٢]**
darya.jamal@koyauniversity.org - Shakhawan.bawadin@koyauniversity.org
[١+٢] بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختەی توێژینەوەکە:**
ڕەنگی سپی سەرچاوەی دروستبونی هەمو ڕەنگەکانە، یەکێکە لەو ڕەنگانەی کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەیە و بە هەمو شوێنێکدا بڵاوبۆتەوە، مرۆڤ لەو ژینگەیی تیایدا دەژی چەندان ڕەنگ دەوری داوەو ناتوانێ خۆیی لێیان بەدوربگرێ، یاخود کاریگەری ڕەنگەکان لەسەرخۆی کەمبکاتەوە، ڕەنگی سپی وەك هەر ڕەنگێکی دیکە، بگرە زیاتریش لە هەمو پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤ بەکاردەهێنرێت. لەژێر ڕۆشنایی ئەو گرنگییەی ڕەنگی سپی کە لە سەرەوە باسکران ئەم توێژینەوەیە لەدایکبوە. توێژینەوەکەمان بەناونیشانی (دەلالەتی ڕەنگی سپی بە نمونە لە شیعری هەندێك لە شاعیرانی هاوچەرخی کوردیدا)یە، باس لە کاریگەری ڕەنگی سپی دەکات لەسەر دەرونی هەندێك لە شاعیرانی هاوچەرخی کورد، کە لە شیعرەکانیاندا دەردەکەوێ، توێژینەوەکە پێکهاتوە لە پێشەکییەك و سێ بەش و لە کۆتایشدا چەند ئەنجامێك خراونەتەڕو لەگەڵ لیستی ناوی سەرچاوەکان.
**کلیلیە وشەکان:** ڕەنگ، ڕەنگی سپی، شیعری هاوچەرخ، دەلالەتی ئەرێنی، دەلالەتی نەرێنی

## The Positive connotation and Negative connotation of white colour as a sample in modern Kurdish poetry'

Shakhawn Bawadin Kareem[1] - Darya Jamal Awez[2]
[1+2] Kurdish Department, Faculty of Education, Koya University, Koya, Kurdistan Region, Iraq.

Abstract
White colour is the source of all other colours, and it is one of the most effective colours on human life. It is widely used in human related stuffs such as houses, furniture, clothes, cars, cutleries, tools as well as in almost all healthcare-related stuffs such as hospital buildings, physicians and nurses' dresses, bedcovers, curtains, medical tools, etc. Thus, the importance of the colour 'white' is the main reason behind conducting this study. This study which is titled 'The Positive connotation and Negative connotation of white colour as a sample in modern Kurdish poetry' consists of an introductory section, three bodies sections, concluding points and the list of used references. The first section is devoted to consider positive indications of white colour in modern Kurdish poetry, and the second section gains insight into the

negative indications of this colour in modern Kurdish poetry. This study ends with the most concluding points that have been derived throughout this study, and with the list of the used references in this article. This study tries to comprehensively consider the way that the colour 'white' is used by modern Kurdish poets. Concerning its scope, this study only
examines the colour 'white' in the poems of some selected Kurdish poets due to the widely use of this colour by almost all modern Kurdish poets.

**Keywords**: Colours, White Colours, Modern poetry, Positive Connotation, Negative Connotation.

## پێشەكی:

ڕەنگەكان لە تیشكی ڕوناكی خۆرەوە سەرچاوە دەگرن و ژیان دەنەخشێنن، بۆیە دەكرێت بڵێین ژیان خۆی پێكهاتوە لە ڕەنگ، لە سروشتیشدا هەمو شتێك خاوەنی ڕەنگی تایبەت بە خۆیەتی، ئەم ڕەنگانەش هەریەكەیان بەشێوەیەك هەستی مرۆڤ دەوروژێنن، لە شیعریشدا ڕەنگەكان ڕۆڵی گرنگ لە وێناكردن و گەیاندنی ماناكانیان دەگێڕن، دەكرێت ببنە باشترین ئامراز بۆ ناسینەوەی هەست و سۆز و ڕۆح و بیركردنەوە، كەواتە ڕەنگ پەیوەندی بە لایەنی دەرونی مرۆڤەوە هەیە، شاعیرانیش مرۆڤن، دورنییە لەكاتی نوسینی شیعرەكانیاندا بە هۆی بینین و كاریگەریی چەند ڕەنگێكەوە دڵخۆشبوبن، یان دڵتەنگبوبن، ئەم بارە دەرونییەش كاری كردبێتە سەر شیعرەكانیان، یان مرۆڤ بەپێی دۆخە دەرونییەكەی سەرنجی بە لای ڕەنگەكاندا چوبێت، چونكە ڕەنگەكان كاریگەریی دەكەنە سەر مرۆڤ بەبێ ویستی خۆی، كەواتە ڕەنگەكان جگە لە ڕازاندنەوەی دەربڕینەكان، توانای ئاشكراكردنی كەسایەتی شاعیر و هەڵچونی هونەرمەندانیان هەیە.

وەك ئاشكرایە ڕەنگەكان هەریەكە مانای جیاوازیان هەیە بۆ كەسانی جیاواز (شاعیرانیش جیاوازن)، بۆیە دەكرێت ڕەنگەكان ببنە یەكێك لە گرنگترین لایەنەكانی وروژاندنی دەرونی شاعیر، كە ڕەنگە لە دەقە شیعرییەكانیدا زۆرجار ئەو سۆز و هەڵچونەی شاعیر بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان بەشێوەی خەیاڵی لەناو دەقە شیعرییەكانیدا بەدی بكرێت.

ڕەنگی سپیش یەكێكە لە پێكهێنەرە سەرەكییەكانی دروست بونی هەمو ڕەنگەكان، یەكێكە لەو ڕەنگانەی كە كاریگەری لەسەر مرۆڤ هەیە و لە هەمو شوێنێكدا دەبینرێت، هەر بەم هۆیەشەوە لە شیعریشدا دەردەكەوێت.

### هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەكە:

لەژێر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی سەرەوە كە باسكران، پرسیارێك لەلای توێژەر سەریهەڵدا، ئایا چۆن شاعیرانی هاوچەرخی كورد مامەڵەیان لەگەڵ ڕەنگی سپیدا كردوە، چۆن دەلالەتە ئەرێنی و نەرێنییەكانی ئەم ڕەنگەیان بەكارهێناوە؟ بۆ وەرگرتنی وەڵامی ئەم پرسیارە ئەم توێژینەوەیە لەدایكبو.

### ئامانجی توێژینەوەكە:

1. یەكەم ئامانج دەرخستنی دەلالەتی ڕەنگی سپییە لەشیعری هەندێك لە شاعیرانی هاوچەرخی كورددا، بە هەردو جۆری ئەرێنی و نەرێنییەوە.
2. خستنەڕوی شێوازی وەسفكردن لەلایەن شاعیرانی هاوچەرخی كورد بە بەكارهێنانی ڕەنگی سپی.

### سنوری توێژینەوەكە:

لەبەرئەوەی شاعیرانی هاوچەرخی كورد ژمارەیان زۆرە، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا ناتوانین شیعری هەمویان بەسەربكەینەوە، تەنیا چەند شاعیرێكمان هەڵبژاردوە لەوانەی ڕەنگی سپییان زۆر بەكارهێناوە، كە بریتیین لە شاعیران (عەبدوڵڵا پەشێو، هاشم سەڕاج، قوبادی جەلیزادە ، لەتیف هەڵمەت، موحسین ئاوارە، فازیل شەورۆ، عبدالواحید ئیدریس، هاوژین صلێوە، كەژاڵ ئیبراهیم خدر، كەریم دەشتی، بورهان بەرزنجی، فەرەیدون سامان، ئارام ساڵح).

### ڕێبازی توێژینەوەكە:

بەهۆی گونجاوی ڕێبازی وەسفی شیکاری لەگەڵ توێژینەوەکەمان ئەم ڕێبازەمان هەڵبژارد، لە بەشی یەکەمدا وەسفی پەیرەوکراوە، لە بەشی دووەمیشدا شیکاری، چونکە کاری ئێمە باسکردنی ڕەنگ وکاریگەرییەکانیەتی لە شیعری هاوچەرخی کوردییدا.

**پلانی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکەمان پێکهاتوە لە پێشەکییەك و سێ بەش، بەشی یەکەم تیۆرییە و تەرخانکراوە بۆ ڕونکردنەوەی واتای (چەمك و پێناسەی ڕەنگ و پەیوەندی بە دەرونی مرۆڤەوە)، بەشی دوەمی توێژینەوەکەش ناونیشانی (دەلالەتە ئەرێنییەکانی ڕەنگی سپی لە شیعری هەندێك لە شاعیرانی هاوچەرخی کورد)ی هەڵگرتوە، بەشی سێیەمیشیان تایبەتە بە دەرخستنی (دەلالەتە نەرێنییەکانی ڕەنگی سپی لە شیعری هەندێك لە شاعیرانی هاوچەرخی کوردی)دا، لە کۆتایشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەمان تۆمارکردوە، کە لە توێژینەوەکەدا پێیانگەیشتوین، دوابەدوای ئەمەش ئەو سەرچاوانەمان تۆمارکردوە کە لە نوسینی توێژینەوەکەدا سودمان لێبینوە.

**بەشی یەکەم: چەمك و پێناسەی ڕەنگ و پەیوەندی بە دەرونی مرۆڤەوە:**

**1 . چەمك و پێناسەی ڕەنگ:**

گومانی تێدانییە لە ژیانی مرۆڤدا ڕەنگەکان ڕۆڵ و کاریگەری گەورە دەبینن، مرۆڤ لەو کاتەوەی لەدایك دەبێت بە ڕەنگەکان ئاشنا دەبێت، بەهۆی ئەوەی لە هەمو لایەکەوە ڕەنگەکان دەوری مرۆڤیان داوە، هەر لە ژینگەی دەوروبەری کە جۆرەها ڕەنگی لەخۆگرتوە تا دەگاتە ناو ماڵ و جلوبەرگی، بەهۆی ئەو بەریەککەوتنە زۆرەی مرۆڤ لەگەڵ ڕەنگەکاندا هەیەتی، هەوڵیداوە لە گرنگی و واتای ڕەنگەکان تێبگات و شرۆڤەیان بکات، چونکە ((ڕەنگەکان لە گرنگترین دیاردە سروشتیەکانن کە سەرنجی مرۆڤیان ڕاکێشاوە))(عبید، 2013: 9)

ڕەنگ وشەیەکی ڕەسەنی کوردییە، بریتییە لە شێوەی جۆراوجۆری تیشك وەرگرتن و تیشکدانەوە لە ڕوی شتەکانەوە، زۆرجاریش بە واتای شێوە و جۆریش بەکارهاتوە، وەك بێڕەنگ و ڕەنگکراو (موعێزی، 2022: 53)، ڕەنگ لە بنەڕەتدا بریتییە لەو کاریگەرییانەی دروست دەبن لەسەر چاو لە ئەنجامی شیبونەی شەپۆلە تیشکە ڕەنگاوڕەنگەکانی خۆر (یاسین، 2014: 22) کە چاو درکییان پێدەکات، جا ئەم شەپۆلانەش کورت بن، یان درێژبن (عبید، 2013: 12)، لە شیتەڵبونی تیشکی خۆرە شکاوەکەش حەوت ڕەنگەکەی پەلکەزێرینەمان دەستدەکەوێ (سور، پرتەقاڵی، زەرد، سەوز، نیللی، شین، بنەوشەیی)، ئەمانەش بە ڕەنگی سروشتی دادەنرێن. کەواتە ڕەنگ دیاردەیەکی فیزیکییە، لەناو مێشکدا لێکدەدرێنەوە و لە یەکدی جیادەکرێنەوە و دەناسرێنەوە (سالار، 2009: 65). بەپێی هەستپێکردنی چاو، هێمای جیاجیای بۆ دانراوە لە ڕوی پێکهاتنیانەوە هەریەکە و بە ناوێکەوە دەردەبڕێت (حسینی، أحمد، 1392هـ: 120)، لە زمانەوانیشدا بە مانای (جور، چەشن) (موکریانی، 1999: 490) بەکارهاتوە، لە زمانی کوردیشدا ڕەنگ چەند زاراوەیەکی تایبەتی بۆ دانراوە وەك ((ڕەنگ گون، گون، بێز، وەنگ، وەند)) (شێخانی، 2013: 4)،ڕەنگە لە هێندێك شوێن بۆ تەنها یەك ڕەنگ چەند ناوێك هەبێ، و بۆ هێندێکیش هیچ ناویان نەبێ، لە زمانی کوردیشدا هێندێك ڕەنگ دەیان ناوی تایبەتی هەیە، وەکو ڕەنگی بەڵەك 2645 ناوی هەیە، ڕەنگی سور 75 ناو، ڕەنگی زەرد 35 ناو، ڕەنگی شین 87 ناو، ڕەنگی سەوز 40 ناو، ڕەنگی سپی 88 ناو، ڕەنگی ڕەش 110 (موعێزی، 2022: 94). هەندێك لە ڕەنگەکان ناوەکانیان سادەیە، وەکو سپی و ڕەش و سەوز و زەرد، هەندێکیشیان ناوەکانیان ناسادەیە، وەکو هەناری و سپیواژ و مەیلەوڕەش (موعێزی، 2022: 55).

ڕەنگ هۆیەکە لە هۆیەکانی گەیاندنی پەیام لە نێوان مرۆڤەکاندا، هەروەها هۆیەکە بۆ ئاشنابون و نزیکبونەوەی تاکەکان لە یەکتری لەناو کۆمەڵگادا، دەبێتە مایەی پێکەوە ژیان لەگەڵ یەکتریدا، لەبەر گرنگی ڕەنگەکان لە ژیانماندا، لە سەردەمانی کۆن لە ناوچەی زاگرۆس هەر ڕەنگێك تایبەت بو بە خێڵێك و پلەوپایەی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەی نیشان

دەدا، بۆ نمونە ڕەنگی ئەرخەوانی تایبەت بو بە دەسەڵاتدارانی مادەکان، دواتر بوە ڕەنگی هەخامەنشینەکان، ڕەنگەکان بەگوێرەی پلەوپایە دەگۆڕان، ئەرخەوانی / سپی/ شین/ کەسکی زەیتونی/ پیرۆزەیی/ پرتەقاڵی/ قاوەیی، ئەرخەوانیەکە بۆ بەرزترین پلە، قاوەییەکەش بۆ نزمترین پلە دانرابو(موعێزی، 2022: 135)، لە ئێستاشدا ڕەنگەکان بەکاردەهێنرێن بۆ چەند واتایەکی جیاواز، وەك: سەر ڕەش، دوڕەنگ: دورو ، ڕەشپۆش: تازیەبار، ڕەشکوژ: تیرۆریست، زەڕناس: شارەزا و ژیر، ڕیەشان: بزن، سپیان: مەڕ، ڕەش و سپی لێکناکاتەوە: نەخوێندەوارە، ڕەشبگیر: گرتنی بە کۆمەڵ، ڕەنگی مردوی لێنیشتوە، ترساوە، ڕەش و روت: هەژاری، ڕەشبون: لەبەرچاوکەوتن، ڕەنگی سور هەڵگەڕا: شەرمی کرد، دەست ڕەش: بەدفەڕ (موعێزی، 2022: 160، 161).

مرۆڤ بەهۆی سێ دیاردەوە درك بە ڕەنگەکان دەکات، کە ئەوانیش: (دیاردەی فیزیکی، دیاردەی فیزیۆلۆژی، دیاردەی دەرونین) کاتێك شتە ڕەنگدارەکان تیشکەکان دەشکێننەوە پێی دەوترێت (پرۆسەی بە دەمەوەهاتن) لە مێشکدا شیتەڵ دەکرێ و پێیدەوترێ (پرۆسەی درككردن) ئەم پرۆسەیان دەروناسان کاری لەسەر دەکەن، ڕەنگیش بریتییە لە ئاسەواری فیزیۆلۆژییە لە تۆڕی چاودا ڕودەدات(عبید، 2013: 14-15). کەواتە ڕەنگ بریتییە لەو کاریگەرییە فیسۆلۆژییەی کە لەسەر تۆڕی چاو دروست دەبێت، جا بەهۆی ماددەیەکی ڕەنگاوڕەنگەوە بێ یان بەهۆی تیشکەوە بێ، کەواتە ڕەنگ تەنها هەستە و لە دەرەوەی مێشکی بونەوەرە زیندوەکان بونی نییە (السید، 2015: 34 - 35)

## 2. ڕەنگی سپی:

ڕەنگی سپی یەکێکە لە سەرچاوەکانی دروستبونی هەمو ڕەنگەکان، چونکە شەبەنگێکی تەواوی لە گشت ڕەنگەکان تێدایە (موعێزی، 2022: ٩٥)، هەر لە کۆنەوەش پەیوەست بوە بە ڕۆژ و ڕوناکی، لە دیدی سایکۆلۆژیا و کۆمەڵایەتیشدا ڕەنگی سپی، ڕەنگی پاکی و خاوێنی و خۆشەویستی و خێر و دادپەروەرییە، چونکە وشەی سپی بە کردەوەی باش دەوترێت، هەروەها بە ڕوخسار و پیاوی بەخشندە دەوترێ سپی، هەروەها نیشانەی پاکی و ئاشتییە لە نەریتی زۆربەی گەلاندا (خلیل، 2006: 108)، لە کەلتوری ئیسلامییشدا، بە گشتی واتای شادی و پاکی و ئاشتییە (شکیب، 2020: 54)، لە ناو کوردانیش ڕەنگێکی پیرۆز و خاوەن شکۆیە، کفنی مردوەکانیش هەر سپییە (موعێزی، 2022: 123)، ڕەنگی سپی واتای دەرکەوتنی هیوایە لەناو تاریکیدا و ئاماژەیە بۆ ڕاستگۆیی و ئەمانەت و بێ تاوانی و دڵسۆزی. و هەستی ئارامی و دڵنیایی دەبەخشێ (زغریت، 2005: 2)، بۆیە کراوەتە ڕەمزی ئاشتی و خۆشەویستی و خێر و بەزەیی (شریكي، 2016: 10).

ئەم ڕەنگە ڕەنگێکی باڵا دەستە، لە هەمو شوێنێکدا بڵاوبۆتەوە، پەیوەندی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە و زۆرترین حەسانەوە بە دەرون دەبەخشێ، بەهۆی دەوڵەمەندی زمانی کوردی بە چەندەها ناو ناونراوە، لە هەر دیالێکتە و شێوەزارێك ناوێکی تایبەتی بۆ دانراوە، وەك ((سپی، چەرمیو، چەرمو، چەرمە، سفید، چەرمگ، چەرمێ، سپێی، چەرموك، کەژ، سۆژ، چوڕ، چەمەیی، سۆڵ، گەوڕ)) (شێخانی، 2013: 249)، هەروەها وەك ((سپەهی، سپەیی، کافوری، سەوڵڕەنگ، سپیسا، قالآیی، کەز، سیس، چەرمۆ، چەرموك، چەرمەك، چەرمك، چەرمەل))(موعێزی، 2022: 2616)، سەرچاوەکانی ڕەنگی سپی لە سروشت و خاکدا جۆراوجۆرن وەك: گەچ و کلس و هۆنتیت و کاولین (عبید، 2013: 37).

## 3. پێوەندی ڕەنگ بە دەرونی مرۆڤەوە:

لە سەردەمی ئەمرۆماندا زۆر گرنگی بە بابەتی ڕەنگەکان دراوە ((زۆرێك لە توێژینەوە نوێیەکان دەریانخستوە پێوەندییەکی بەهێز هەیە لەنێوان ڕەنگەکان و دەرونی مرۆڤ))(ڕواندزی، 2009: 28)، چونکە ڕەنگەکان زۆر ڕەمز و نهێنیان تێدایە کە مرۆڤ ناتوانێ خۆی لەم ڕەمز و نهێنیانە لابدات، لەبەرئەوەی ڕەنگەکان بریتین لە ((هێزێکی سروش بەخشی کێشکەر کاریگەریان هەیە لەسەر مێشك و دەرونمان، لە کاتی سەیرکردنی ناتوانین بەهەندی وەرنەگرین))(حمدان، 2002: 29)، بەهۆی ئەوەی ڕەنگەکان توانای کارتێکردنیان لەسەر مرۆڤ هەیە، بە تایبەتی لەسەر سۆز و هەڵچونەکانی (عمر، 1997:

199)، بۆیە پێویستە بۆیەکردنی ژورەکان بە ڕەنگی جیاواز بکرێ ڕەنگی سروشتی لە ماڵ و کۆمپانیا و قوتابخانەکان بەکاربهێنرێ(طارق، 2020، /https://neronet-academy.com/colortherapy)، لەبەرئەوەی ڕەنگ وزەی ڕوناکی ڕژێنی ژێر مێشك(الغدد النخامیه و الجسم الصنوبری) چالاك دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی دەردانی چەند هۆرمۆنێکی دیاریکراو و ڕودانی چەند پرۆسەیەکی فیزیۆلۆژی، کە ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی کۆنترۆڵکردنی بیرکردنەوە و مەزاج و ڕەفتاری مرۆڤ (عبید، 2013: 25)، ئەم کۆنترۆڵکردنەی بیرو مەزاجەش دەبێتە هۆی دروستبونی کاریگەری لەسەر تەندروستی مرۆڤ ((ئەمەش دەبێتە هۆی تەندروستی و باشتربونی تواناکانی لە ئەنجامدانی ئەرکە بایۆلۆژییەکانیدا)) (السید، 2015: 13).

زۆرجار ڕەنگەکان مەزاج و هەستەکانیشمان دەگۆڕن، و کاریگەریان دەبێ لەسەر ئەو شتانەی کە خۆشمان دەوێن و بەلامانەوە جوانن (صالح، 2017: 5)، بەڵام ڕادەی کاریگەری ڕەنگەکان و جوانیان، بەپێی کات و شوێنی دەرکەوتنی دەگۆڕێ، هەندێکجار لەیەك کاتدا ڕەنگەکان واتای گەشی و تورەیی دەدەن، وەك ڕەنگی سو، یان زەرد بە واتای نەخۆشی و هەم واتای پایزی جوان دێت (شال، 2015: 7)، کەواتە ڕەنگەکان توانای ئاشکراکردنی کەسایەتی مرۆڤیان هەیە، چونکە هەر ڕەنگێك پەیوەندی بە چەمکێکی دیاریکراوەوە هەیە، واتای تایبەتی خۆیان هەیە، بۆ نمونە ڕەنگە درەوشاوە دڵخۆشکەرەکان سینە شاد دەکات، بەڵام ڕەنگە تۆخە تاریکەکان دەبێتە هۆی دڵتەنەگی و پەشۆکان ((چونکە ڕەنگەکان لە دەلالەتی جوانی دەربڕین بێبەش نین، هێندێجار ڕەمزین، وێنەن گوزارشت لە بابەتەکانی ژیان دەکەن، هەڵچونی هونەرمەندان دەردەخەن، تەنها بۆ ڕازاندنەوەی دەربڕینەکان نین))(ابادي، 1390هـ: 88)، زۆرێك لە توێژینەوەکان پێیانوایە هەڵبژاردنی هەر ڕەنگێك پێوەندی هەیە ((بە حەز و ئارەزو و ویست و چالاکی و حاڵەتی دەرونی تاکەکانەوە ... هەمو مرۆڤێك هێندێ ڕەنگی تایبەت دەیوروژێنێ و هێندێ ڕەنگی تریش ئارامی دەکاتەوە))(شحادة، 2013: 72)، وەك ڕەنگەکانی شین و سەوز کە کاریگەری ئەرێنی لەسەر مرۆڤ جیدەهێڵن، دەبنە هۆی جێگیربونی حاڵەتی دەرونی و لابردنی ترس و پەشۆکان (فریدة، 2017: 116)، بۆیە مرۆڤ بە هەندێك ڕەنگ هەست بە شادی دەکات و بە هەندێکی تریش هەست بە دڵتەنگی دەکات، بە هەندێکیشیان هەست بە گەرمی و حەسانەوە دەکات، بە هەندێکی تریشیان هەست بە ساردی و هەڵچون دەکات، ئەم هەستەش بەگوێرەی کەسەکان و بە گوێرەی تەمەن و باری بایەلۆژی و دەرونی وەرگر دەگۆڕێ، هەروەها بەگۆڕانی کۆمەڵگەش گۆڕانی بەسەردا دێت، بە گوێرەی بیروباوەڕ و سۆسیۆ ڕۆشنبیری (شریكي 2016: 5)، بۆیە خەڵکانێك هەن ڕەنگی سەوزیان خۆشدەوێ بەو پێیەی پەیوەستە بە وەرزی بەهارەوە، هێندێکیش ڕەنگی شینیان خۆشدەوێ چونکە شینی ئاسمانیان بیردەخاتەوە و دەیبەستێتەوە بە ڕۆژی خۆشەوە، هیندێکیش ڕقیان لە ڕەنگی سورە لەبەرئەوەی لە هزریاندا پەیوەستە بە مەترسی و خوێنەوە (البيرماني، 2012: 3)

ڕەنگ پێوەندییەکی دێرینی لەگەڵ ئەدەبدا هەیە، بە ئەدەبی زارەکی و نوسراویشەوە، بۆنمونە مرۆڤگەلی کۆن ئەگەر شتێکیان بویستبایە سەرەتا وێنەیان دەکێشا و ڕەنگیان بەکاردەهێنا بەو وێنەکێشانەش خۆشحاڵدەبون و لە ویستی کەسەکە تێدەگەیشتن (سهیلا، حسینی، احمد، رضی، 1392هـ: 125)، بەهۆی ئەو مێژوە درێژەی لە دێرزەمانەوە ڕەنگەکان کە لەگەڵ مرۆڤدا هەیانە، ئەدەبیات سودی زۆری لێوەرگرتون، بەتایبەتیش شاعیران، کاتێك بۆ دەربڕینی ناخیان هانایان بۆ ڕەنگەکان بردوە، وەك ڕەمز و دەلالەتی جیاواز سودیان لێ وەرگرتون، لەبەرئەوە لە دەقی شیعریدا ڕەنگ وەك توخمیکی گرنگ دانراوە، چونکە ((هێندێك لە ڕەنگەکان لەگەڵ ڕەمزەکاندا ئاوێتە دەبن، بەهۆی بەکارهێنانیان بۆ دەلالەتی جیاواز جیاواز)) (عیساوي، 2016: 42).

لەبەرئەوەی ڕەنگ پەیوەندی بەلایەنی دەرونی مرۆڤەوە هەیە شاعیرانیش مرۆڤن، لەوانەیە لە کاتی نوسینی شیعرەکانیاندا بەهۆی بینینی چەند ڕەنگێك دڵخوش بوبن، یان دڵتەنگ بوبن، ئەم بارە دەرونییەش کاری کردبێتە سەر شیعرەکەیان، بۆیە بە پێویستمان زانی باسی پەیوەندی ڕەنگ بە لایەنی دەرونییەوە بکەین، چونکە بێ ویستی خۆی ڕەنگەکان

کاریگەرییان بەسەر مرۆڤەوە دەبێت، چونکە ئەم ڕەنگانە لەگەڵ دەروندا کارلێکدەکەن، هەر ئەمەش وادەکات ڕەنگێك زاڵتر بێت بەسەر ڕەنگێکی تر لە شیعرەکانی شاعیرێکدا، بۆ نمونە، ڕەنگی ڕەش و ڕەنگە تاریکەکان، ئاماژەن بۆ خەم و خەفەت و زەرد بۆ گرژی و سپی بۆ ئارامی و ئاشتیی دەرونییە، لە هۆنراوەی شاعیراندا رەنگ مانای زیاتر دەبەخشێ لە مانا سروشتیەکەی خۆی (شێخانی،2013: 326)، هەروەها ڕەنگ لە گۆرانییە فۆلکلۆرییە کوردییەکانیشدا بەکارهێنراوە، بۆیە گرینگی زۆری پێدراوە (صابره، 1395ه: 88)، لە شیعریشدا بەشێوەیەکی تایبەتی زیاتر ڕەنگی تیادا بەکارهێنراوە لە هونەرەکانی تر، بۆ نمونە لە زۆرێك لە شیعری کلاسیکی ڕەنگ وەك گوزارشتکردن بە ئاماژە و دەلالەتی شاراوە بەکارهێنراوە، وەك هەستەوەرێك ڕەهەندی پێبەخشراوە بۆ ئەوەی لە مێشکدا شێوە وەربگرێت(البيرماني، 2012: 3)، لە ئەدەبی سەرزاردا کە بە لایەنێکی گرنگ لە سامان و کەلتوری نەتەوەییمان دەژمێردرێت، گەلێك ناوی گوڵ و (ڕەنگ)، یان (ڕەنگین) یان (ڕەنگاوڕەنگ) یان (ڕەنگدار) دەبینرێت(کاکەیی،2005: 20)، چونکە هەر ڕەنگێک دەتوانرێت وەک وشەیەک بخوێنرێتەوە، یان وەک نیشانە و هێما لێکبدرێتەوە، جگە لەمەش ڕەنگ لە بوارەکانی کیمیا و هونەرە جوانەکان و گەلێك بواری تری جیاوازدا وەك هێماسازی بەکاردەهێنرێن، لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا ڕەنگەکان بایەخیان پێدراوە و بەکارهێنراون .

شاعیریش چونکە مرۆڤە، ناتوانێ لە کۆمەڵگەکەی و ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتییەکەی دوربکەوێتەوە، کە ئەویش پڕە لە ڕەنگ، بۆیە ڕەنگیش دەبێتە وێنەیەکی هونەری تەریی هاوڕێکانی و ژینگەکەی، بۆ نمونە شاعیری جاهیلی دەربارەی ژینگەی هۆزەکەی قسەدەکات، چونکە ئەم زەویەی لەسەری دەژی نیشتیمانی ئەوە، کاتێك کە باسی ژینگەکەی دەکات باسی ڕەنگەکان دەکات بە واقیعێکی هونەری و هزری زۆر جوان (آبادی، ممتحن، 1390ه: 86)، کەواتە رەنگ مانای فەلسەفە و حیکمەت دەنوێنێ لە هۆنراوەی شاعیراندا مانا و مەبەستی دور دەپێکێ و تریفەی روناکی پڕ لە هەوراز و نشێوی ژیان روناك دەکاتەوە (شێخانی،2013: 326)، بەمەش ڕەنگ بۆتە زمانی گوزارشتکردن و ئەرکی ئێستاتیکی (البيرماني، 2012: 3)، بەهەمان شێوە لە شیعری کوردیشدا ئەوەی بیەوێ لە رەنگ بگات و رەنگ بناسێ با شیعری شاعیرانی کلاسیکی کورد بخوێنێتەوە، ئەوکات تێدەگا ئەگەر ڕەنگ نەبێ شیعریش نابێ (شێخانی،2013: 326)، جگە لەمەش ((ڕەنگەکان بە فراوانی لەناو فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی کوردیدا بڵاوە)) (موعێزی، 2022: 154).

شیعر لەگەڵ گشت هونەرەکانیتر لە دو ماددە هاوبەشە ((ماددەی یەکەمیان ڕەنگەکان و هێڵکێشانە، ماددەی دوەمیان زمانە))(ربابعة، 1997: 1353)، کەواتە ڕەنگ ئامرازێکی گرنگە بۆ گوزارشتکردن و تێگەیشتن، هیچ کەسێك ناتوانێ کاریگەری ڕەنگ و گرنگییەکەی بەلاوەبنێ ((شاعیر هانا بۆ ڕەنگەکان دەبات بۆ ئەوەی گوزارشت لە قوڵایی سۆزداری و کرۆکی بیرۆکەکانی بکات)) (آبادی، 1390ه:10) و (شال، 1392ه: 4).

کەواتە ڕەنگەکان بە درێژایی مێژو مانای جیاوازیان هەیە بۆ کەسانی جیاواز، (شاعیرانیش جیاوازن)، بۆیە دەکرێت ببنە یەکێک لە گرنگترین لایەنەکانی وروژاندنی دەرونی شاعیر و گرنگترین ڕەگەزیش بن بۆ هێمای مرۆڤ، چونکە ڕەنگ وەك هێما تەواوکەری ئەزمونە مرۆییەکانە، بۆیە بەکارهێنانی ڕەنگەکان بە مانا ڕەمزییەکانی تایبەتمەندی شیعری سەردەم و کۆنن، یەکێکن لە سیما دیارەکانی شیعری کۆن و هاوچەرخی ئێرانی و عەرەبی و کوردی، هەر بۆیە شاعیران لە ڕێگای هێما و کۆدەوە بارودۆخی خەڵکی چەوساوە وێنادەکەن و لە چوارچێوەیەکی (سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و هونەریی)بە ڕەنگ بیرەکانیان دەکەن بە وشە و وێنەی شیعری پێ دەکێشن (سهيلا، حسيني، احمد، رضى، 1392ه: 125)، شاعیرەکان هەندێک جار ڕو لە وێنە و نوێگەری دەکەن و هەندێک جاریش ئەنجامی بەرجەستەبونی مەجازی ڕەنگ دەردەبڕن، دێن و ڕەنگەکان دەکەن بە ڕەمزێکی ئەدەبی، دواتر بە وێنەی شیعری گوزارشت لە ویستەکەیان دەکەن (سهيلا، حسيني، احمد، رضى، 1392ه: 125)، چونکە ئەدەب ئاوێنەی تەواوی ڕوانینی هەمو کۆمەڵگایەک و بیرکردنەوەی بەرجەستە دەکات))(شبنم، فاتحي، علي، قهرماني، 1396ه: 141-166)، هەروەک چۆن ڕەنگی ڕەش مانای بێهیوایی و تاریکیی

هەیە، سەوز پیرۆز و ژیان پەروەرانەیە، سور و زەردە و ئەوانی تریش لە ئەدەبدا و بۆ واتای خۆیان بەکار هاتون (ناصر، نیکوبخت، علی، زادە، 1387هـ: 185-215)، مرۆڤە لە هەڵبژاردنیدا و هەر کەسە و بە پێی ڕۆح و باوەڕ و تەنانەت ئەزمونی کەسی خۆی، ڕەنگێکی خۆش دەوێت، شاعیرانیش لە ئەدەبدا هەر وان، ئەم خۆشەویستیەیە وای نیشاندەدات کە ڕەشی لە کارەکانیدا زۆرتر بەکارهێنا بێ لە ڕوی چەمکەوە، بەڵام لە لای شاعیرێکی تر، بەهۆی مەست بونی بە عەشق و جەنگی بەردەوام ڕشتنی ئەشکی سوری دەکەوێتە بەرزترین ئاستی ئەدەبییەوە (ناصر، نیکوبخت، علی، زادە، 1387هـ: 185-215)، بۆیە هەر کارێکی ئەدەبی نوێنەرایەتی شێوازی بیرکردنەوە و دنیابینی نوسەر(شاعیر)ێك دەکات، چونکە کاری ئەدەبی لەسەر قوڵایی هەست و سۆزی شاعیر دامەزراوە.

**بەشی دوەم: دەلالەتە ئەرێنییەکانی ڕەنگی سپی لە شیعری هەندێك لە شاعیرانی هاوچەرخی کوردیدا:**

ڕەنگی سپی ڕەنگێکی بێلایەنە و بە یەکێك لە ڕەنگە سادەکان ئەژمار دەکرێت و بەهای ڕەنگیەکەی خۆشی و ژیان و ئارامی و هیوا دەنوێنێ، هەروەها دەلالەتی پاکی و بێگەردی و بێ تاوانی و ڕاستگۆیی و بێفیزیە (عمر،1997: 60)، لەم بەشەدا باسی دەلالەتە ئەرێنییەکانی ڕەنگی سپی دەکەین لە شیعری هەندێك لە شاعیرانی هاوچەرخی کوردیدا، وەك لەم چەند لاپەڕەیەی داهاتودا دەبینرێت:

**1. ڕەنگی سپی دەلالەتە لە پاکی و بێگەردی و بێتاوانی و ڕاستگۆیی و بێفیزی** (عمر، 1997 :160)، هەروەکو فازیڵ شەورۆ لە دەقێکی شیعریدا بە ناونیشانی (**داغی فنجان**) دەڵێت:

کە گوتت: قاوەیەکی تاڵ
بە دەستم با
خەسترین تاڵیم دەکردە
گەروی سپی فنجانەکەت! (شەورۆ، 2014: 26).

لێرەدا شاعیر گەروی خۆشەویستەکەی بە سپی دەچوێنێت، چونکە بە لایەوە ڕەنگی سپی زۆر ڕەنگێکی جوانە، لەبەرئەوەی نیشانەیە بۆ پاکی و بێگەردی (عمر، 1997 :160) پاکی و بێگەردیش لەهەر شتێکدا هەبێ جوانی دەکا، شاعیر مەبەستیەتی ئەوەمان بۆ ڕون بکاتەوە هەرچەندە قاوە تاڵ بێت و ڕەنگێکی جیاوازی هەبێ، ناتوانێ سپییەتی گەروی خۆشەویستەکەی بشارێتەوە.

لەلای (لەتیف هەڵمەت)یش بە خوازەیەکی جوان باسی دڵی خۆی دەکات، کە دەبێتە چۆلەکەیەکی ڕەنگ سپی و لە دەستی ڕا دەکات، لە جەنگەڵە سەوزەکاندا خۆی دەشارێتەوە، هێندێجاریش لێی دەبێتە منداڵێکی لاسار و هۆنراوەکانی شاعیر دەدڕێنێت، لە هۆنراوەی (**تاوانی نیوە شەو**)دا، دەڵێت:

هەندێ جار دڵم ئەبێتە چۆلەکەیەکی سپی
لێم دەتۆرێ و لە جەنگەڵی کەسکەکاندا
خۆی دەشارێتەوە و
هێندێ جاریش دەبێتە مناڵێکی لاسار و
هۆنراوەکانم دەدڕێ (هەڵمەت، 2014:85)

لەبەرئەوەی چۆلەکەی پێ جوانە، بۆیە ڕەنگی سپی داوەتە پاڵی، چونکە ڕەنگی سپی نیشانەی جوانی و پاکییە (عمر، 1997: 160)، لەبەرئەوەی دایك لای هەمومان بونەوەرێکی جوان و بێگەردە، بۆیە زۆرجار شاعیران لە وەسفی دایکدا ڕەنگی سپی بەکاردەهێنن، بۆ نمونە (کەژاڵ ئیبراهیم خدر) لە دەقی شیعرێکیدا بە ناونیشانی (**ڕەیحانە**) دەڵێت:

هەزار خۆزگە

ئەو دو چڵە ڕەیحانە ڕەشەی سەر
سنگی سپی دایكت بام
جار ناجارێ
لەگەڵ باوەشی دایكتا
بۆنت كردبام (خدر، 2007: 24)

شاعیر لە شیعری (ڕەیحانە)دا، وەسفی سینەی دایكی خۆشەویستەكەی بە ڕەنگی سپی دەكات، چونكە ڕەنگی سپی نیشانەو ئاماژەیهكە بۆ جوانیی و پاكی، شاعیر دەیەوێ كاتێك خۆشەویستەكەی دەچێتە باوەشی دایكی لەسەر سینە سپیەكەی دایكی بۆنی ئەویش بكا.

لە پارچە شیعری (**جەنگی بەرد**) یشدا دەڵێت:

**(جەنگی بەرد)**

ئەی بەرد
تۆش وەك ئێمەی ئادەمی
هەندێكتان بەر نەفرەتی خودا كەوتن
ڕوتان ڕەش بو
بەشێكتان ئەوەندە پارانەوە
كڕنوشتان برد
تا خودا سپیەتی و نوری
فریشتەكانی پێ بەخشین (خدر، 2007: 94)

لەم شیعرەدا شاعیر (كەژاڵ ئیبراهیم) باسی بەرد دەكات و سیفەتی مرۆڤی پێدەبەخشێ و وەك مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا دەكات، وێنای بەرد دەكات بەوەی وەك مرۆڤەكان هێندێكیان بەر نەفرەتی خودا كەوتبون و ڕویان ڕەش بوە و هێندێكیشیان خودای گەورە سپییەتی و نوری فریشتەكانی پێبەخشیون، كەواتە سپییەتی لە لای شاعیر جۆرێكی نوری خودایە، نوری خوداش ئاماژە و نیشانەی پاكی و جوانی و بێ كەموكورتییە، لە كوردەواریشدا ڕەنگی ((سپی نیشانەی دڵ و دەرون خاوێنی و پاكی و بێگەردیی و زوڵاڵییە، بۆیە دەبینین بەرگی بوك لەمڕۆدا سپییە))( كاكەیی، 2005: 28).

شاعیرێكی تری ئەم قۆناغە كە (كەریم دەشتی)یە لە شیعری **(تەمە سپیەكانی ڕوح)**دا، دەڵێت:

ڕەشبەڵەكی ئاگر و ئێسقانم دەبینی
چۆن تێكەڵی یەكتر دەبون
مەرگ و ڕۆحی سپی فریشتەم دەبینی
سەر و كۆكڵی یەكترمان دەڕنیەوە
گرانە ... گرانە
وەك پاییز و زریان و تۆف
سوكە وەك ئاڵتونی خوێن و
مەرجانی ناو چاوی مرۆڤ (دەشتی، 2012: 69) .

لەم دەقە شیعرییەدا ڕەنگی سپی بوە بە ڕەنگی ڕوح، دیارە ڕۆح نابینرێت بەڵام ئەوەندە بە بەها و خۆشەویستە لای هەموان، بۆیە لە جوانی و بێگەریدا بە ڕەنگی سپی وێنە كراوە.

پەشێو لە شیعری **(ئایدیا )**دەڵێت:

**(ئایدیا)**
چەند ڕۆژێکە
ئایدیا شیعرێ،
وەك مەلێکی سپی تیژ باڵ،
لێم ناگەڕێ و لێم ناگەڕێ،
هەر چەند خۆمی لێ ون دەکەم
لە پڕێکا
هەوری بیرم دەقەڵشێنێ و تێدەپەڕێ (پەشێو، 2002: 317)

لەم پارچە شیعرەدا شاعیر باس لە ڕەنگی سپی دەکات، بیر و ئایدیای شیعرەکانی لە شێوەی باڵندەیەکی ڕەنگ سپی تیژڕۆ بە دەوریدا دێت و دەچێت، واتا ئایدیای شیعر دەبێتە مەلێکی سپی تیژ باڵ و بیر و هۆشی شاعیر بەرنادات، واتا ئەو بیرۆکەیەی کە هەیەتی پاك و بێگەردە، بۆیە بە ڕەنگی سپی چواندوە، چونکە ئەم ڕەنگە وەك ئاماژەیەك بۆ پاکی و جوانی و بێگەردی بەکاردەهێنرێ.

لە دەربڕینێکی تردا، شاعیری هاوچەرخ (هاشم سەراج) لە بارەی ڕەنگی سپییەوە دەڵێت:
**(لاولاوەکانی گوناه)**
بوەستە تۆزێکی تر
بوەستە
بەو کراسە سپییەوە
چەنێ جوانی
دەمەوێ
لێکسیکی
شیعرە مەلعونەکانم
لە بناری
لیمۆ مزرەکانتدا
بسوتێنم! (سەراج، 2010: 94)

یارەکەی سەراج بە کراسی سپییەوە یەجگار جوانە، چونکە لای شاعیر ڕەنگی سپی جوان و بێگەردە، لەپاڵ جوانیەکەشی ئەم ڕەنگە ڕەنگی ڕۆح و بەئاگاییە، بۆیە سەرسامە بە جوانی یارەکەی وبە کراسە سپییەکەی.

فازیل شەورۆ لە شیعرێکی تریدا بە ناونیشانی (**ڕەنگە کوژراوەکان**) دەڵێت:
سەرگەورەکان
زورنایەکان
دەڵاڵەکان
ژنکوژەکان
چەرچی و پەرچی و
قاچاغچی و کۆنە جاشەکان
گیا و گوڵی سەر ڕێگاوبان ...
لالەزاری باغ و بێستان ...

حاجیلە و وەنەوشە و ڕەیحان ...
بە قاچەکانیان دەشێلن
جەرگ و هەناویان دەردێنن
ئاخر نابینان نازانن:
لە زەردیی وان زەردترە گوڵەکانیان
لە سۆری وان زۆر سۆرترە زامەکانیان
لە ڕەشیی وان زۆر ڕەشترە چاوەکانیان
لە سەوزی وان سەوزترە خەونەکانیان
لە مۆری وان زۆر مۆرترە ئاڵاکانیان
لە سپیی وان سپیترە دەستەکانیان
ئاخر نابینان نازانن ... کەڕ و لاڵ و بەنجکراون (شەورۆ، 2014: 122-123)

شاعیر لەم شیعرەدا هەندێك لە لێپرسراوان و کاربەدەستان بە نابینا وێنا دەکات، دیارە پێیناخۆشە ئەو کەسانە تەنانەت بەناو سروشتی کوردستانیشدا ڕاگوزەر بکەن، دەڵێ هەمو شتێکی سروشت لەوەی ئەوان جوانتر و پاکتر و سپیترە. واتا ڕەنگی سپی لێرەدا دەلالەتی پاکی و بێگەردی دەگەیەنێت لە ڕێگەی بەراوردکردن .

وەك بەفر کاکۆڵێ سپیت
باران دەنێو
دنیا بچکۆڵەکەی تابوتەوە
گۆڕێکت پڕ کرد، لە نوری سپی
لە میهری سپی،
وەك نەیزەکێك کشایت و
خۆت خستە باوەشی خاك و
هەناوی زەویەوە
کانی ئاسا بەسەر لێوەکانی خاکدا
سەفەرت کردو، دوا مەنزڵت
ڕوبار باوەشی بۆ کردیەوە و دەریا
لە ئامێزی گرتی و
زەریاش لەنێو قوڵایی ڕۆحیدا
بەهەشتێکی بچوکی خستە ژێر پێت
ئەی ژنە سەر سپیەکە
وەك بەفر
قژە سپیەکانت کۆکەرەوە (خدر، 2007: 274)

شاعیر لەم شیعرەدا هەوڵیداوە وێنایەك بنەخشێنێ بۆ دایکە کۆچکردوەکەی کە پڕبێت لە سپی هەمو شتێك هەرسپی، تەنانەت لە وەسفی دایکیشیدا ڕەنگی سپی خستۆتە پاڵ ناخی، شاعیر ئاگایانە ئەم ڕەنگەی بەکارهێناوە و توانیویەتی ئەوەی دەیەوێت بیگەیەنێ، چونکە ڕەنگی سپی ڕەنگێکی پیرۆزە لەناو موسڵماناندا و بە ڕەنگێکی خاوەن شکۆ دادەنرێ، ڕەنگی ئەو کەسانەیە کە دەچنە بەهەشتەوە، خوای گەورە دەفەرموێ {كَأَنَّهُنَّ بَيْضٌ مَّكْنُونٌ}(الصافات، آية 49). ستایشی ئەو

ئافرەتانە دەکات و دەڵێ: هێندە سپین وەك توێکڵە هێلکەی وشترمرغ وانە کە سپیاتیەکەی زەرد باوێکی زۆر جوانە (بن عطية 1422هـ: (4/ 473)، (ڕەنگی کەسانی خۆشحاڵە لە ڕۆژێی دواییدا) (الخفاجي، 2012: 98)، چونکە ڕەنگی سپی ڕەنگی ئافرەتانی بەهەشتە، هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتوە { يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ وَتَسْوَدُّ وُجُوهٌ فَأَمَّا الَّذِينَ اسْوَدَّتْ وُجُوهُهُمْ أَكَفَرْتُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنْتُمْ تَكْفُرُونَ}(ال عمران، آية 107). «ابيضت وجوههم)، سپی لێرەدا بە مانای خۆشیيەکی بەردەوامە وەك خۆشی دونيا نييە (الأصفهاني، 1999: (2/ 786)، بۆیە کەژاڵ ئیبراهیم هەمو شتەکانی دایکی بە سپی وەسف دەکات، کاکۆڵی سپی، نوری سپی، میهری سپی، ژنی سەر سپی، قژی سپی، چونکە ڕەنگی سپی ((لە کوردەواریدا جگە لەوەی دروشمی ڕاستی و ئاشتییە، نیشانەی دڵ و دەرون خاوێنی و پاکی و بێگەردیی و زوڵاڵییە، بۆیە دەبینین بەرگی بوك لەمڕۆدا سپییە))(کاکەیی، 2005: 28)، لەگەڵ ئەوشدا کە دایکی مردوەو خەمبارە، بەڵام دایکی بە پاك و بێگەرد دەبینێ، بۆیە دەڵێ (زەریاش لەنێو قوڵایی ڕۆحیدا بەهەشتێکی بچوکی خستە ژێر پێت)، ئەم دەستەواژەیەی کۆتایش ئاماژەیە بۆ گوتەیەکی پەیامبەر کە دەفەرموێ (بەهەشت لەژێر پێی دایکاندایە ) (السيوطي، ٢٠٠٥: 3/ 625).

بورهان بەرزنجی لە شیعری (**هاوڕازەکەم**) باسی فریشتە دەکا، کە نیشانەی پاکی و جوانی و بێگەردی و بێ تاوانییە، دەڵێت:

(ڕۆحی سپی فریشتەم دەبینێ

بۆ نایەی وەك پەڵە هەورێکی بەرگ سپی

بە ئاسمانی عیشقی منا گوزەر کەیت و

بە لێزمە بەسەر دڵی منا ببارێیت

ماڵێك لە چەشنی دڵسۆزیت هەڵبچنی و

دوا دیدار و

دوا مەنزڵت بکەم بە نیشتیمانی خۆم..!! (بەرزنجی، 2019: 84)

لێرەدا شاعیر هەور بە ڕەنگی سپی وێنا دەکا و داوا دەکا خۆشەویستەکەی ببێتە هەورێکی باراناوی و بە ئاسمانی عیشقەکەیدا بڕوات و بە لێزمە بەسەر دڵی دا ببارێیت بۆ ئەوەی برینی عیشقەکەی سارێژ بکا، بەڵام وا دیارە شاعیر ڕەنگی سپی زۆری بەلاوە جوان و خۆشەویستە، بۆیە دەبێتە هۆی دامرکاندنەوەی عیشقەکەی.

شاعیرێکی تری ئەم قۆناغەی شیعری کوردی کە (قوبادی جەلیزادە)یە لە دەقێکی شیعریدا بەناونیشانی (**شەڕێك شیرینتر لە ئاشتی**) دەڵێت:

بە منداڵی بەفر،

بارانێکی ساوای نێو لینگ تەڕە

بەهەرزەیی،

تەرزەیەکی لاسارە و

زرمە لە جامی پەنجەرە،

هەڵەستێنێ

بە پیریش،

خاڵۆیەکی سەر و ڕیش سپییە

کە دێتە خوار،

لقی ناسکی درەختێ، دەکاتە گۆچان! (جەلی زادە، 2007: 615)

لێرەدا شاعیر باسی پاکی و بێگەردی بەفر دەکا لە زستانا، ئەوکاتەی لق و پۆپی درەختەکان سپی دەکا و دەیانچەمێنێتەوە، کە وەك خاڵۆیەك دێنە بەر چاو ڕۆژانە زۆرکاری کردبێ وماندو بوبێ و پێش وەختە ڕیشی سپی بو بێ و پشتی کۆما بێتەوە، ئەم جۆرە لێکچواندنەش یەجگار جوانە، لێرەدا باسی ڕەنگی سپی کردوە، چونکە ڕەنگی سپی نیشانەی پاکی و بێگەردیە.

هەر لە شێوەی ئەم دەقانە، شاعیری هاوچەرخ (**محسن ئاوارە**) لە دەقێکی شیعریدا هەر بە ناوی (ڕەنگ) دەڵێت:

بیستومە ئەڵێن، گوڵە مێلاقە
لە ڕوخساردا سور و نێوەندی ڕەش
لە ئاست ڕۆیندان، گفت خۆش و گەش
من دیم لە یاخەی جلی بوکێنی سپی وەك بەفر
قایم کرابو
بەڵام نازانم
وەك شیری لێوان لێوی ناو دەفر
بوکی تیابو؟! (ئاوارە، 2014: 171)

لەم پارچە شیعرەدا شاعیر باسی جلی بوکێنی دەکات و دەڵێ: (من دیم لە یاخەی جلی بوکێنی سپی وەك بەفر قایم کرابو)، باسی سپیەتي جلی بوك دەکا، چونکە بەرگی بوك لەم سەردەمەدا سپییە (کاکەیی، 2005: 28 ).

2 . **ڕەنگی سپی نیشانەی جوانییە،** زۆرجار ڕەنگی سپی وەك نیشانەو ڕەمزی جوانی بەکاردەهێنرێ، بەتایبەتی لە ڕوخساری مرۆڤدا، ڕەنگی سپی نیشانەی جوانیە(عمر، 1997: 160). خوای گەورە دەفەرموێ {كَأَنَّهُنَّ بَيْضٌ مَكْنُونٌ } (الصافات، آية 49). ستایشی ئافرەتانی بەهەشت دەکا و دەڵێ: هێندە سپین وەك توێکڵە هێلکەی وشترمرغ وان، کە سپیاتیەکەی زەرد باوێکی زۆر جوانە (بن عطية 1422هـ (4/ 473)،کەواتە ڕەنگی سپی ڕەنگی ئافرەتانی بەهەشتە، {يَوْمَ تَبْيَضُّ وُجُوهٌ وَتَسْوَدُّ وُجُوهٌ فَأَمَّا الَّذِينَ اسْوَدَّتْ وُجُوهُهُمْ أَكَفَرْتُمْ بَعْدَ إِيمَانِكُمْ فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنْتُمْ تَكْفُرُونَ} ال عمران، آية 107). سپی لێرەدا بە مانای جوانی و خۆشییە (الأصفهاني، 1999: (2/ 786).

(هاوژین صلیوە)ی شاعیر لە بارەی ڕەنگی سپییەوە دەڵێت:

ئەم بنە سماقە چەند جوانە،
هەزارەها خاڵی سەر
گۆنەی نازدارامی دزیوە
ئەم لوتکە چیایە توێژاڵێکی تەنکی بەفری گرتوە،
دەڵێی شۆڕە سوارێکە
بە لاوی سەری سپی بوە (صلیوە، 2013: 107)

هاوژین صڵیوە لە بنەسماق و لوتکە چیا و سروشت بە گشتی جوانی دەبینێ، چێژی لێ وەردەگرێ، بۆیە وێنەیەکی شیعری زۆر جوانی بۆ دێنێتەوە، کاتێك دەبینێ لوتکە چیایەکان توێژاڵێکی تەنکی بەفریان گرتوە، وەك شۆڕە سوارێکی گەنجی دێنە بەرچاو کە بە گەنجی بە بێ ئەوەی کاتی سەر سپی بونی هاتبێ سەری سپی بوە، لێکچواندنەکە بە لاوێکی سەر سپی دەردەبڕێ، چونکە ڕەنگی سپی نیشانەی جوانی و گەشانەوەیە، ڕەمزە بۆ پاکی.

هەروەها (ئارام ساڵح) یش لە شیعری (**هەرچەندە پێستی تەنکە هەور، کەچی هەست بە سەرما ناکا**) دەڵێت:

هەمیشە سپێتی لەسەر
سینەی زستان دەنوستەوە
چ بێگەردە عەشقی بەفر (ساڵح، 2013: 47)

وەك دەبینرێت، لای ئارام ساڵح کاتێك ڕەنگی سپی دەبینێ هەست بە خۆشی و شادی دەکا، چونکە زۆری پێ جوانە، بۆیە داوا دەکات هەمیشە بەفری سپی لە زستاناندا زۆر بێ، چونکە ڕەنگی سپی دەلالەتی پاکی و بێگەردی و جوانییە، بۆیە شاعیر عاشقی بەفرە.

لە کۆپلەیەکی تریشیدا، دیسان هەمان شاعیر ڕەنگی سپی بەکاردەهێنێت و دەڵێت:

لە درزی گشت

بەفر بارینێکەوە ڕا

دەڕوانێتە

لەش و لاری سپی زستان

چ تامەزرۆیە دارستان (ساڵح، 2013: 49)

دیارە ڕەنگی سپی لای شاعیر لەهەمو ڕەنگەکانی تر جوانتر و پاکترە، بۆیە دارستان بە مرۆڤێکی ئاشق دەچوێنێت کەوا لە کاتی زستاندا چاوەڕێی هاتنی بەفری سپی دەکات. ئەم وێنەیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، چونکە شاعیر ئاگاداری ئەوەیە کە ڕەنگی سپی نیشانەیەکە بۆ پاکی .

**3. زۆرجار ڕەنگی سپی بە واتای سادەیی و خۆشی و ژیان و ئارامی و هیوا و تەندروستی و ساغی و دڵنیایی دێت** (زغريت،2005: 2). واتا دەتوانین بڵێین سەرەڕای ئەوەی کە ڕەنگی سپی نیشانەی پاکی و بێگەردي و جوانییە، وەك لەمەوپێش ئاماژەمان پێکرد، زۆرجار دەبێتە ڕەمزی خۆشی و ئارامی بەخشین، هەروەکو لەم چەند نمونە شیعرییەی خوارەوەدا دەبینرێت.

بۆ نمونە (کەژاڵ ئیبراهیم خدر) لە پارچە شیعری **(ڕاکشێ)**دا، دەڵێت:

هێشتا قاوە

لەنێو بەختی سپی خۆیان

بۆ بەختەوەری ڕۆژانیان دەگرنەوە

دەیانەوێ جارێکی دی

تەمەنیان لە ئەلفەوە دەست پێ بکات

نەکا بمرن (خدر، 2007: 76)

کەژاڵ ئیبراهیم لەم شیعرەدا ڕەنگی سپی بەکارهێناوە وەك ئاماژەیەك بۆ خۆشی و ژیان، چونکە ڕەنگی سپی ئاماژەیە بۆ خۆشی و ژیان و ئارامی و هیوا، هەروەها مەبەست لەبەکارهێنانی ئەم ڕەنگە ئاماژەدانە بۆ بەختی ژنان بەهۆی ئەوەی شاعیر ژنە، دەیەوێ لە ڕێگای بەکارهێنانی ئەم ڕەنگەوە بە گوێی خوێنەردا بچرپێنێ کە بەختی ژنەکان سپییە، بەڵام ئەوە ڕۆژگار بەختی ڕەشکردون، هەروەها ئاماژەیەکیشە بۆ کۆمەڵگەی باوك سالاری، لە دیدی شاعیرەوە بە بەکارهێنانی ئەم ڕەنگە چەندان مەدلولی شاردۆتەوە، لە ڕێگای ئەم ڕەنگەوەش چەندان مەدلولی تری دەرخستوە، وەك دڵ و دەرون خاوێنی و پاکی.

هەروەها لە دەقێکی شیعری تردا بەناونیشانی (دڵ و ڕەنگ)، دوبارە شاعیر هەمان ڕەنگی سپی چەندان جار دوبارە کردۆتەوە، هەر جارێکیش بە مەبەست و مەدلولێکی تایبەت، هەروەکو دەڵێت:

لەنێو ڕەنگی بێ ڕەنگی زەمەندا

دایکم دڵێکی هەیە ڕەنگاوڕەنگ

لە ئاسمانی دوای شکستێکی شۆڕش دەچێ و

ڕەنگەکان بەیەکدا نوساون

دڵی دایکم ڕەنگی سپییە،
شیری سپی لە مەمکەکانی دەچۆڕێ و
سپیەتی بەفر بەسەر قژیدا باریوە
دایکم سپییە ...
کە دەشخەوێ خەونی سپی
ئابلۆقەی وڵاتی نەستی دەدەن
کە دەشگریا ڕۆندکی سپی
بۆ گەردێ گوناهی سپی
بە ڕومەتیا دێتە خوارێ
دایکم سپییە ... (خدر، 2007: 138)

ئەوەتا لە نیوەدێری (**دڵی دایکم ڕەنگی سپییە، شیری سپی لە مەمکەکانی دەچۆڕێ**)، مەبەستی ئەوەیە کە دایکی ئەو و هەمو دایکەکانی تر هۆکارن بۆ خۆشی و ژیان و ئارامی و هیوا بۆ ڕۆڵەکانیان، ڕەنگی سپی وەك ئاماژەییەك بۆ سادەیی و خۆشی و ژیان حەسانەوە و نەبونی کێشەو گرفت و دڵنیای بەکاردێت، کەواتە دایکەکان دڵیان سپییە و سادە و هیوا بەخشن، ئەو شیرەی لە مەمکەکانیشیان دەچۆڕێ بەهەمان شێوە ڕەنگی سپییە، هەرکەسێکیش لەم سپییە بخواتەوە، هەمان سیفەتی ڕەنگەکە وەردەگرێ کە سادەییە، بەڵام لە نیوە دێری (سپیەتی بەفر بەسەر قژیدا باریوە) بە تەواوەتی دەلالەتی ڕەنگەکەی لە ئەرێنییەوە گۆڕیوە بۆ نەرێنی، بەوەی قژی سپی واتای چونە تەمەن و پیربون دەگەیەنێ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا سپی بونی قژ واتای دانایی زیاتر و دونیابینی زیاتر و سادەیی دەگەیەنێ، لە کۆی ئەم پارچە هۆنراوەیەدا بەکارهێنانی ڕەنگی سپی هەموی بۆ مەبەستی دەرختنی دەلالەتی ئەرێنییە، کە خۆی دەبینێتەوە لە سادەیی و ئارامی و هیوا و گەورەیی دایك.

4. **ڕەنگی سپی وەك ڕەمزی ئاشتی:** زۆرجار ڕەنگی سپی دەبێتە ڕەمزێك بۆ پەیامی ئاشتی و خۆشەویستی و خێر و بەزەیی (شریکي،2016: 10).

بۆ نمونە (قوبادی جەلیزادە) لە دەقێکی شیعری تریدا بە ناونیشانی (**دەست**) دەڵێت:
دەستێك لەسەر مێزەکەمە
دەست نییە!
گوڵێکی سپییە، بە پێنج پەڕەی تەڕەوە
کۆترێکی سپییە، بە پێنج دەنوکی سورەوە
ڕوبارێکی سپییە، بە پێنج جۆگەلەی شیرەوە
دەستێك لەسەر مێزەکەمە (جەلی زادە، 2007: 456)

گوڵی سپی و کۆتری سپی نیشانەی ئاشتی و جوانین، کەواتە شاعیر گوڵێکی سپی و کۆترێکی سپی و ڕوبارێکی سپی بینیوە بە پێنج جۆگەلەی شیرەوە، کە شیریش هەر ڕەنگی سپییە، ئەم گوڵە پێنج پەڕە و ئەو کۆترە پێنج دەنوکە و پێنج جۆگەلە شیرە ئاماژەیە بۆ هەر پێنج پارچەکانی کوردستان (کوردستانی باکور، باشور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا، هەروەها کوردستانی سور لە کاراباغ)، کەواتە شاعیر خەون بە ئاشتییەوە دەبینێ بۆ هەر پێنج پارچەی کوردستان، چونکە کورد ئاشتیخوازە و ڕەنگی سپیش ڕەمزە بۆ پەیامی ئاشتی و خۆشەویستی.

لەتیف هەڵمەت لە دەقێکی شیعریدا بە ناونیشانی (**کونی دەرزی**) دەڵێت:
هەمو شەوێ شیعر دەبێ
بە کۆترێ سپی سپی

ختوکەی پێڵوم دەدات و دەڵێ: دەڕۆم (هەڵمەت، 2014: 396)

لە لای لەتیف هەڵمەتیش کۆتر جوانە، بە تایبەتی ئەگەر کۆترەکە ڕەنگی سپی بێت، چونکە ڕەنگی سپی نیشانەی ئاشتییە، بۆیە شیعرەکانی بۆ دەبنە کۆترگەلی سپی سپی و ختوکەی دەدەن، گەر خێرا نەنوسێ ئەوا ئەوان لە شەققەی باڵ دەدەن و دەفڕن و نایانبینێتەوە و ئاشتیەکەشی لە کیس دەچێ، بەکارهێنانی ڕەنگی سپی دوجار بە دوای یەك بە مەبەستی پاتکردنەوەیە، جەختکردنەوەیە لەسەر خۆشحاڵی شاعیر، وەك ئاشکرایە کە ڕەنگی سپی ڕەمزە بۆ ئاشتی بۆیە شاعیر کۆتری سپی لە شیعرەکەیدا بەکارهێناوە.

لە دەقە شیعری (**میدۆزا**)شدا، کەریم دەشتی دەڵێت:

وەك کۆترێکی سپی و دەنوکی خەنەیی
لە دوای سەد کێو شکاندنا
لە شاخانی گرتبێتەوە
لیسی بۆ لە سینە دەرکرد
سیستەمی ئەو سروشتانەی
لە بنەڕەتەوە تێك دەدا (دەشتی، 2012: 54)

ڕەنگی سپی وەك ئاشکرایە نیشانەی ئاشتی و خۆشییە و دڵ خۆشبونە، بۆیە کەریم دەشتی (**کۆتری سپی دەنوك خەنیی**) بەکارهێناوە، چونکە ئەو جۆرە کۆترە زۆریش جوانە سەرەڕای نیشانەی ئاشتییەکەی.

لە دەقێکی تریشدا هەمان شاعیر لە بارەی ڕەنگی سپییەوە دەڵێت:

قوڵینگی سپیم دەبینی
قەتار قەتار
گری ئەوینیان لە سەختی ڕێ بەردەدا
کۆنە یادم دەکولانەوە
هەردو چاوم تەڕ تەڕ دەبون (دەشتی، 2012: 111- 112)

لەم پارچە شیعرەشدا کەریم دەشتی ڕەنگی سپی بە نیشانەی خۆشەویستی دادەنێ، بۆیە لە ئاسماندا قوڵینگی سپی دەبینێ پۆل پۆل دەفڕن و گری ئەوینیان لە سەختی ڕێ بەردەدا، ئەمیش یادی کۆنی خۆشەویستەکەی بیر دەکەوێتەوە کە بە لایەوە کاتێکی ئێجگار خۆش بوە، بۆیە ڕەنگی سپی بەکار هێناوە، چونکە ڕەنگی سپی ڕەمزی خۆشەویستی و خێر و بەزەییە.

لە دەقە شیعری (**نێرگزی وشە**) (لەتیف هەڵمەت) ڕەنگی سپی بە شێوەیەکی تر بەکاردەهێنێت و دەڵێت:

هەزاران وشەی وتراو و نەوتراو لە دڵمدایە و
هەر کە پەڕەیەکی سپی دەدۆزنەوە ...
وەکو ڕەوە چۆلەکەی برسی
هەمو پەنجەرەکانی دڵم دەشکێنن و
بە سەری دا دادەبارن (هەڵمەت، 2014: 128)

لێرەدا لەتیف هەڵمەت هەر کاتێك پەڕە کاغەزێکی سپی ببینێ، یەکسەر سروشی شیعری دێتە جۆش و خرۆش و شیعری وەك باران بەسەردا دەبارێ، کەواتە پەڕەی سپی زۆر لا خۆشەویستە، چونکە ڕەنگی سپی ڕەمزی خۆشەویستییە.

هەر هەمان شاعیر جوانییەکی تر، تا ڕادەی پیرۆزی دەداتە پاڵ ڕەنگی سپی و دەڵێت:

خەوم بینی فریشتەیەك
سپی وەکو شەستەباران

چاو سەوز وەکو دارستان
هێدی هێدی هاتەخوار لە ئاسمان
دوگمەی سینگمی یەکە یەکە
لێك ترازان ... (هەڵمەت، 2014: 261)

بەهۆی ئەوەی ڕەنگی سپی ڕەنگێکی زۆر پیرۆزە، وەك دەگوترێت((ڕەمزی نوری خودایيە))(نوفل، 1995: 21)، بۆیە شاعیر فریشتەی سپی بینیوە کە هاتونەتە لای و دوگمەی سینگیان بۆ ترازاندوە، کەواتە ڕەنگی سپی لوتکەی رونی و بێگوناهی و خاوێنییە (دراز، 2015: 124)، بۆیە فریشتەی بینیوە کە نیشانەی ((پاکژی، بروا‌داری، دڵنیایی، پوختەیی، خێرخوازی))ن (سالار، 2009: 71)، یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی فریشە پاکی و بێگەردییە، لەپاڵ ئەو پاکی و بێگەردیەیاندا ڕەنگیان سپییە، کەواتە سپیەتییەکە ڕەمزی پاکی و بێگەردیە، شاعیر شارەزایانە مەزراندنی بۆ ئەم ڕەنگە کردوەو داوەتیە پاڵ فریشتە، بەمەش خوێنەر ڕاستەوخۆ لە زەینیدا وێناو سیفەتی فریشتەی دەکەوێتەوە یاد.

لە دەقێکی شیعریشدا بە ناونیشانی (یاسای ژمارە 49)، (فازیل شەورۆ)، لە وەسفی کچێکی جواندا ڕەنگی سپی دەکات بە ڕەمزی جوانی و دەڵێت:

ڕوت ڕوت
ڕوتتر لە مانگ
کچۆڵەیەك لە نەوبەهار
باریکەلە، سپی بۆندار
هاتە نێو باغی پاسەکە (شەورۆ، 2014: 126)

ڕەنگی سپی لای شاعیر نیشانەی جوانییە، ڕەمزی خۆشەویستییە، بۆیە کیژۆڵەیەکی تازە پێگەیشتوی دەست و مەچەك سپی بۆنداری دێنێتە بەرچاو، کاتێك دێتە ناو ئەو پاسەی کە شاعیری تێدابوە، شاعیر کە دەیبنێ زۆر بە دڵێ بوە، بۆیە ڕەنگی سپی بۆ بەکاردێنێ.

لە هەمان شێوەدا، برهان بەرزنجی لە دەقێکی شیعریدا بە ناونیشانی **(زیارەت)** دەڵێت:

من ئەزانم دەستم ناگاتە پەرچەمی هەناسەت و
وەك شنە با یاری بە تەڵ تەڵ پرچت کەم،
ببمە هەور و عەزێ یە سپیت بۆ بێنم
ملوانکەیە ماچم بە گەردنتا بکەم (بەرزنجی، 2019: 41).

ئەم شاعیرەش، خۆشەویستی بۆ یارەکەی دەردەبڕێ و دەیەوێ عەزیەیەکی سپی بۆبهێنێ و بیکاتە دیاری بۆی، چونکە ڕەنگی سپی (ڕەمزی نوری خودایيە) (نوفل، 1995: 21)، بۆیە شاعیر دەیکاتە دیاری بۆ یارەکەی.

کەواتە دەتوانین بڵێین شاعیرانی هاوچەرخی کورد بەباشی ئاگاداری دەلالەتی ڕەنگەکانن، هەروەها زۆر وەستایانە ئەم دەلالەتانەیان لە شیعرەکانییاندا بەکارهێناوە و سودیان لێبینیەوە.

## بەشی سێیەم:

## دەلالەتە نەرێنیەکانی ڕەنگی سپی لە شیعری هەندێك لە شاعیرانی هاوچەرخی کوردیدا:

جگە لە هەمو ئەو واتا و دەلالەتە ئەرێنییانەی ڕەنگی سپی کە لە چەند لاپەڕەی پێشوتردا ڕونکرایەوە، دەبینین زۆرجار لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕەنگی سپی وەك لایەنێکی نەرێنی دەردەکەوێت، کە دەکرێت لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا ڕونی بکەینەوە و لە شیعری هەندێك لە شاعیرانی هاوچەرخی کوردیدا نمونەی گونجاویان بۆ بهێنینەوە.

1. **ڕەنگی سپی وەك ڕەنگی ماتەم:** لە سەرەتادا ڕەنگی سپی تاریك ڕەنگی تازییەباری و ڕەنگی مردو بو (سیرنج، ت: عباس، 1992: 420)، (فەرەیدون سامان)یش لە شیعری (**ماڵاوا نیشتیمان**)دا، دەڵێت:

بەیانیتان باش
شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ
شۆڕشگێیەکانی ئەمڕۆ
ئەوانەی بە خوێنی بە ناهەق ڕژاوی
گوڵەگەنمەکانی
قەراج و کەندێناوە
شنگال و گەرمیان
کێڵگەکانتان کردە دیاری
بۆ قوڕگی گورگی بیایان
ئەوانەی بە ناوی پێکەوەژیان و لێبوردەیی
سەری کۆترە سپیەکانتان
کردە شاباشی سەرچۆپی گڕی داگیرکەران (سامان، 2021: 38)

لە لای ئەم شاعیرە هەمو کۆنە شۆڕشگێرەکانی شاخ و شار بونەتە نەگبەتی بۆ گەلی کورد، چونکە ئەم کەسانە بون بەهۆی لەدەستدانی خاکی کوردستان و بون بە چاوساغی دوژمن، لێرەدا ڕەنگی سپی بۆ خەم و پەژارە بەکارهاتوە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: [وَتَوَلَّى عَنْهُمْ وَقَالَ يَا أَسَفَى عَلَى يُوسُفَ وَابْيَضَّتْ عَيْنَاهُ مِنَ الْحُزْنِ فَهُوَ كَظِيمٌ] (سورە یوسف:84)، ڕوی لێ وەرگێران و گوتی داخەکەم بۆ (یوسف) و هەردو چاوەکانی سپی بون، گەلێك جار چاو کە بینینی کەم بو سپی دەبێ لەبەر گریان و دڵتەنگی(القرطبي، 1964: (9/ 248)، بۆیە شاعیر ئاواتی خەڵکی کوردی بە کۆتری سپی چواندوە کە ئەم کەسانە سەریان پەڕاندوە، کەواتە کۆتری سپی کە نیشانەی ئاشتییە لە دیدی شاعیرەوە سەربڕاوە

لە پارچەشیعري (**کۆکتیلە شیعرەکانی ئۆفیوس**)دا هاشم سەراج، دەڵێت:

سروشت باخچەیەکە
لە کانزا و
کانێك لە گوڵە لۆتس
گۆڕستانێکی بێ کۆتاش
لە وەهمی سپی (سەڕاج، 2010: 39)

لای شاعیر وەهم ڕەنگی سپییە و لەناو گۆڕستانە، چونکە لە هەندێك وڵات ڕەنگی سپی نیشانەی تازییەباری ناخۆشییە (سیرنج، ت: عباس، 1992: 420)، هەروەها ڕەنگی تازییەباری بو لە ئەندەلوس و لەلای مەغرییبیەکانیش (الصفار، 2010: 265)، هەربۆیە شاعیر سروشت بە گۆڕستانێکی پڕ لە وەهمی سپی دەبینێ.

شاعیر لە دەقێکی شیعری دیکەدا بەناوی (**وڕێنە سپیەکانی نەرسیس**) دا، ڕەنگی سپی بەشێوەیەکی دیکە دەبینێت و دەڵێت:

دوریت
لە گۆشەی کونجێکی
سپی سپیدا
بەندی کردم و
دەرگا ئاڵەکانی دڵ و

مەحەببەتی
بەسەردا داخستم (سەڕاج ، 2010: 54)

لەم شیعرەشدا دوری کەسێك لە شاعیر کارێکی وای بەسەرهێناوە، وەك ئەوە کەسەی لێهاتوە لە کونجێکی سپی دا بەندکرابێ، هەست دەکا کە لە ناو بەندیخانەیە، بۆیە دەڵێ (لە گۆشەی کونجێکی سپی سپیدا بەندی کردم و دەرگا ئاڵەکانی دڵ و مەحەببەتی بەسەردا داخستم)، کەواتە ئەگەر مرۆڤ دوربێ لەخۆشەویستەکانی هەست بە ئازادی ناکا و هەمیشە دڵ بەخەمە و خۆی بە بەندکراو دەزانێ.

لە دەق (**کچێك لە ئاگری شین**) شدا دەڵێت:

تاکەی
بەو
بێدەنگییە
سپییەت
دەمکوژی
ئاخر
دوایین جار
زەمەن
ئەژدیهایەکی
شینە و
هەمومان
هەڵدەلوشی! (سەڕاج، 2010: 123- 124)

کەواتە بێدەنگی لەلای شاعیر ڕەنگی سپییە، چونکە کەسێك بمرێ یان خەمبار بێ بێدەنگ دەبێ، بۆیە شاعیر بێدەنگی وەك ئەژدیهایەك دێتە پێشچاو و بۆی خەمبار دەبێ، شاعیر ترسی لە بێدەنگی هەیە بەتایبەتی بێدەنگی دوای تورەبون، پێی وایە ئەو بێدەنگبونە دەبێتە هۆی مردنی، بەردەوامبونی لە بێدەنگی سپی بەرەو نەمان و کۆتایی تەمەنی دەبات، لە کۆتایشدا تەمەن هەمومان لولدەدا و کۆتاییان پێدەهێنێ.

هەروەها (کەریم دەشتی)یش لە دەقە شیعری (**کردنەوەی دەرگا**)دا، دەڵێت:

لێرەوە هات
کە هات بەهار لە دەم و چاویا سەوز بو
ها ئەوەتا دەچێتەوە، کەچی بەفر عومری
سپی سپی کردوە
ئەمە چ تاسەیێکی ئەبەدیبو
لۆچ و تەڵخی سەدان ساڵی پێوە دیاربو
دەبێ چ کارەساتێ دایماڵیێ
با دەیزانێ، با، بینیم کە هەڵی کرد
هەموگیانی لە سورخنی شەڵاڵ بوبو
دەبێ چ کۆستێ دڵی ئەنگوا بێ
با دەیزانێ با ... (دەشتی، 2012: 191)

لای شاعیر بەفری سپی سەوزایی بەهاری سپی کردوە و لەناوی بردوە، سەوزایی ڕەمزی دەستپێك و لەدایك بون و نوێبونەوەیە، ڕەنگی سپییش ڕەمزی کۆتایی تەمەنە، بۆیە شاعیر تازیەبارە و خەم دایگرتوە، چونکە بەهار لە دەم و چاویا سەوز و جوان بو، بەڵام سەوزبون و جوانییەکەی گۆڕاوە بۆ وەرزی سپی بون و پیربون، ئەوەش بۆتە هۆی خەم وخەفەت بۆ شاعیر.

**2. ڕەنگی سپی وەك ڕەمزی خەم:** هەرچەندە زۆرجار ڕەنگی ڕەش بۆ خەم بەکاردێت، واتا لە زۆر حاڵەتیشدا دەبینرێ ڕەنگی سپی دەبێتە نیشانە و ڕەمزێك بۆ خەم، وەك دەگوترێ کەوا ڕەنگی سپی نیشانەی خەمبارییە (الصفار، 2010، 265).

شاعیرێکی هاوچەرخی تر کە (عەبدولواحید ئیدریس شەریف)ە، لەپارچە شیعری (**قەوچە قەوچ**)دا دەڵێت:

لە قەوچە قەوچ و زۆر وتن
بێ ئەنداز!..
بەڵام دەست و پێ سپی
لە هەڵزنان!..
بونە هۆی بەجارێ
حەز و خۆزگەکان
بە نابەڵەد بێنە کوشتن!.. (شەریف، 2018: 110-111).

شاعیری پێشمەرگە لۆمەی بەرپرسان دەکا وگلەیی دەکا بۆچی بەو ڕۆژگارە گەیشتن، کە تەنها قسەی زلیان هەیە و لەکردار دەست و پێ سپین، دەست و پێ سپیش لە ناو کوردان مانای وایە بێکردار و بێسود و بێکەڵکن، پێیان دەڵێ: ئێوە نەشارەزان، چونکە لە جیاتی هەوڵدان بۆ بەرژەوەندی باڵای نیشتیمان بونەتە هۆی کوشتنی هەمو حەز و خۆزگەکانی گەلی کورد، لێرەدا ڕەنگی سپی بۆتە هۆی خەم و پەژارە لە لای شاعیر، بۆیە بە واتای نەرێنی بەکاریهێناوە.

لە پارچە شیعری (تەرەس= هەرەس)یشدا، هەمان شاعیر هەمان گازاندەی هەیە و دەڵێت:

هەر ئێوەن هۆکار
مێژو و سبەینێتان گۆڕیەوە بە دۆلار!..
هەر ئێوەن بەردەباز
دوژمن بخەنێ بەکوردی هەژار
ئێوە بون ئێوە
دوێنێی سپیتان کرد بە سیاە!..
ئەوەنیە نمەك و وەفا
بە کورد دەڵێ: کوجا مەرحەبا!..
بۆیە هیچم نەوتوە..
کە دەڵێم ئێوە تەرەس
بونە هۆی هەرەس! .. (شەریف، 2018: 39)

شاعیر زۆر خەمبارە و هەست بە پەژارەیەکی زۆر دەکا کە دەبینێ ئەو هاوسەنگەرانەی لە شاخ بۆکوردایەتی تێدەکۆشان و خۆیان لە پێناوی بەشەهید کردن دەدا، ئێستا پشتیان لەکوردایەتی کردوە و هەر خەریکی کۆکردنەوەی پارە و دۆلارن، بۆیە ڕوی دەمیان تێدەکا و دەڵێ (هەر ئێوەن هۆکار مێژو و سبەینێتان گۆڕیەوە بە دۆلار!)، کەواتە ئەوانن بونەتە هۆی لەدەستدانی دوارۆژی کورد، بۆیە بە دڵێکی پڕ بە خەمەوە پێیان دەڵێ (تەرس)، چونکە بونەتە هۆی لەدەستدانی خوێنی هەمو شەهیدەکان و هەمو ئاوات و خۆزگەکانی گەلی کوردیان لە گۆڕناوە، بۆ دەربڕینی ئەم گازاندانە ڕەنگی سپی

بەکارهێناوە و دەڵێ (سپیتان کرد بە سیاە!)، واتە خۆشییەکانی گەلی کوردیان ڕەش کرد و بێئومێدتان کردن، ئەوەش بۆتە مایەی خەم و پەژارە.

هەروەها (پەشێو) یش لە دەقە شیعری (**تەمەن**)دا، دەڵێت:

تا تۆم هەبێ، ئازیزم،

من چیم لە مانگ و ساڵە؟

هێشتا زەڕنەقوتە بوم

ڕیشی خەمم سپی بو، دەمگوت شادی مەحاڵە!

ئێستاش لە سای ئەڤینتا،

وا بە کۆڵێ ساڵەوە

تازە پێڕەوکە دەبم، دەمم پڕ گڕوگاڵە! (پەشێو،2002: 73)

لای پەشێو ڕەنگی سپی نیشانەی پێگەیشتن و کۆتاییەکانی تەمەن و پیرییە، بۆیە بە خوازەیەکی زۆر جوان دەڵێ: ڕیشی خەمم سپی بو، دەمگوت شادی مەحاڵە!، بەڵام لە دڵدا هەر گەنجە و وەك هەرزەکارێك هەڵسوکەوت دەکات، کەواتە خەمەکانی شاعیر بەرەو زۆر بون دەچن، بەڵام بۆ خۆی بەرەو گەنجی دەڕوا.

لە دەقە شیعری (**هەراسان**)یشدا (فازیڵ شەورۆ) دەڵێت:

ژوانە، نامەوێ

لەم بەندەی دڵدا

کەزی سپییم بۆ بهۆنیتەوە

خەمی دەم بە گوڵ ...،

خۆ تۆم خۆشنەویست

بۆ ژوری تەنگی ئینفرادی دڵ! (شەورۆ، 2014: 45)

لەم پارچە شیعرەدا شاعیر داوا لە کەسێك دەکات بە ناوی ژوان کەوا چاوەڕوانییەکەی نەگات بەو حاڵەتەی (کەزی سپی بهۆنێتەوە)، چونکە دەستەواژەی هۆنینەوەی کەزی سپی نیشانەی پیربون و ئاماژەی نەرێنییە گەر دەرکەوێ، بۆیە لای شاعیر ئەم سپییە نیشانەی خەمێکی گەورەیە و نایەوێ کەزی سپی ببینێ، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگی سپی نیشانەی شادی و خۆشییە، بەڵام لێرەدا بۆتە نیشانەی خەمباری (الصفار، 2010: 265) ، چونکە نیشانەی پیر بون و کۆتایی ژیانە.

لە دەقە شیعری (**بەرەو تەلیسمەکانی نوری ئەو**) هەمان شاعیر دەڵێت:

ئەی ڕەشەبای باڵئاسنین

قەدەرناسی مەنزڵگای غوربەت و ئەڤین

ئەم جارەیان

ڕۆحی بارمتەی سەرسپییم

ڕادەستی چ تێرۆرستێکی خەم دەکەی

بۆ کوێم دەبەی؟ (شەورۆ، 2014: 134)

چونکە قژی سپی نیشانەی پیری و شەکەتییە، بۆیە شاعیر دەپرسێ و دەڵێ: ڕۆحی بارمتەی سەرسپیم ڕادەستی چ تێرۆرستێکی خەم دەکەی، لێرەدا وێنەیەکی شیعری زۆر جوان دەبینین بەهۆی خوازەوە، چونکە ڕوح سەری نییە تا سپی بێ، شاعیر لە ڕێی خوازە و داوا لە ڕەشەبای باڵ ئاسنین دەکا ڕۆحی نەکاتە بارمتە و ڕادەستی تیرۆرستێکی خەمی نەکا، وا دیارە شاعیر زۆر خەمبارە و زۆر بێزارە، بۆیە سکاڵا دەکا و لە خۆشەویستەکەی دەپاڕێتەوە توشی خەمی نەکات.

ئارام سالّحیش لە شیعری (**چۆڕان**)دا، دەڵێت:

لە پێخەفی کەئابەدا مەمبزێون

کە من قژی زەینم سپی و

سیمای خەونانم دزێون

ئاخر چیم داوە لەبەر ئاوێنەی جوانی

بۆ لەو پێخەفی کەئابە دەمبزێون (سالّح، 2013: 101)

شاعیر لێرەدا خۆی لەناو پێخەفی کەئابەدا دەبینێ، لەبەرئەوەی قژی زەینی سپی بوە و سیمای خەونەکانی دزێو ناشیرین بون، ئەوەش بۆتە هۆی خەمخواردنی شاعیر، چونکە بیرکردنەوەکانی شەکەت بون و بەرەو پیری دەچن، بۆیە داوا دەکات وازی لێبهێنرێ و بە ئاگای نەهێننەوە با هەر لەناو ئەو پێخەفەی کەئابەدا بمێنێتەوە و بێدار نەبێ.

لە دەقە شیعری (**شوێنبزر**)یش (فەرەیدون سامان) لە بارەی ڕەنگی سپییەوە دەڵێت:

کە ناتبینم

کات دەوەستێ

شوێن بزر دەبێت

تاڵ تاڵ موەکانی سەرم سپی دەبن

چاوەکانم کز ...

ڕوخسارم ڕەنگی پاییزی لێ دەنیشێت

ددانەکانم گەڵا ئاسا هەڵدەوەرن

پشتم وەك کەمەی گۆچان دەچەمێتەوە

زمانی ئاخاوتنم بیر دەچێتەوە (سامان، 2021: 3)

شاعیر کە خۆشەویستەکەی خۆی نابینێ، توشی خەم دەبێت، بەوهۆیەوە تاڵە موەکانی سەری سپی دەبن، چاوەکانی کز دەبن و ڕوخساری ڕەنگی پاییزی لێ دەنیشێت، هەمو ئەوانەش نیشانەن بۆ خەمێکی گەورە، کە خەمی دابڕانی خۆشەویستەکەیەتی، ئەوەی بابەتی ئێمەیە، ئەوەیە کە تاڵە موی سپی لێرەدا ڕەمزە بۆ بونی خەم کە لە سەر و ڕوخساری شاعیردا دەردەکەوێ.

کەژاڵ ئیراهیم خدر لە شیعری (**نزای ژنێك**)دا، دەڵێت:

کە مردم

ڕەنگی کفنەکەم بگۆڕە

بە ڕەنگی ڕوخساری خۆت

چۆن ڕازی دەبی

ڕەنگی کفنەکەم و جلی بوکێنیەکەم

سپی ڕەنگ بێ (خدر، 2007: 81)

شاعیر پێیناخۆشە جلی بوکێنیەکەی وەکو ڕەنگی کفنەکەی سپی بێت، بۆیە داوا دەکات ڕەنگی کفنەکەی بۆ بگۆڕن بە ڕەنگێکی تر، چونکە ناکرێ لە خۆشترین ڕۆژی ژیانی و ناخۆشترین ڕۆژ هەمان ڕەنگی لەبەردابێت، چونکە ڕەنگی سپی هەندێجار تەنها نیشانەی تازییەباریە (سیرنج، ت: عباس، 1992: 420)

## ئەنجام:

لە ئەنجامی توێژینەوەکەماندا بەم ئەنجامانە گەیشتین:

1. ڕەنگەکان بە قوڵی هاتونەتە ناو ئەدەب و شیعری هاوچەرخی کوردی و بونەتە بەشێکی سەرەکی وێنەی شیعری.
2. زۆربەی شاعیرانی هاوچەرخی کورد لەکاتی دڵخوشی و ئاسودەیی ڕەنگی سپیان بە دەلالەتی ئەرێنی بەکارهێناوە بۆ وەسفکردنی سروشت و جوانی جەستەی ئافرەت، وەك سپییەتی ڕومەت و گۆنا و مەچەك، هەروەها بەکارهێنانی ئەو ڕەنگە وەك ڕەمزی پاکی سودی لێبینراوە.
3. هەنێکجار شاعیر ڕەنگەکان بەواتاو دەلالەتی ئاشکرا بەکاردەهێنێ، هێندێجاریش وەك ڕەمز سود لە ڕەنگەکان وەردەگرێ و بەکاریان دەهێنێ.
4. بەشێکیش لە شاعیرانی هاوچەرخی کورد وەك (کەژاڵ ئیبراهیم خدر، فازیل شەورۆ، لەتیف هەڵمەت) دەلالەتی(ئەرێنی و نەرێنی)یان داوەتە پاڵ ڕەنگی سپی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو شاعیرانە دڵتەنگ و نائارام بون، بەڵام گەشبینیش بون کە دەکرێ بارودۆخەکە بۆ باشی بگۆڕدرێ، بۆ نمونە کەژاڵ ئیبراهیم خدر ڕازی نییە جلوبەرگی بوکێنیەکە و کفنەکەی هەردوکیان هەر ڕەنگیان سپی بێ. فازیل شەورۆش داوادەکات کۆدی ڕەنگەکان بگۆڕدرێن.

**سەرچاوەکان**


قورئانی پیرۆز

ئاوارە، موحسین، 2014، کارێزە مەرجان کۆبەندی شیعر، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر

بەرزنجی، بورهان، 2019، لە تۆ وشك نابمەوە، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم

پەشێو، عەبدوڵلا ،2002، بەرەو زەردەپەڕ، چاپی دوەم.

پەشێو، عەبدوڵلا، 2002، دیوانی دوکتور عەبدوڵلا پەشێو، سوئد

جەلی زادە، قوبادی، 2007، شەهید بە تەنیا پیاسە دەکات، چاپی دوەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر

خدر، کەژاڵ ئیبراهیم، 2007، ئاونگی وەرینی گوڵەکان، چاپخانەی رون، سلێمانی

دەشتی، کەریم، 2012، دیوانی کەریم دەشتی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر، بەرگی یەکەم.

ساڵح، ئارام ، 2013، ئەوین ژەن، چاپخانەی زانا ، سلێمانی، چاپی یەکەم

سامان، فەرەیدون، 2021، شار بۆنی تۆی لێ دێت، ناوەندی چاپەمەنی سارا، هەرێمی کوردستان.

سەڕاج، هاشم، 2010، تێکست، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال

شەریف، عەبدولواحید ئیدریس، 2018، ئارامترین پەناگای رۆح، چاپی یەکەم، چاپخانەی جەنگەڵ

شەورۆ، فازیل، 2014، ماچەکانی ئێوارە کازیوە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر

صلیوە،هاوژین، 2013، مۆسیقای نامۆیی، چاپخانەی کەمال، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری (جەمال عیرفان) بەهاوکاری سەنتەری (مارگرێت)، سلێمانی

هەڵمەت، لەتیف، 2014، دیوانی لەتیف هەڵمەت، ناوەندی غەزەلنوس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران

شێخانی، عەبدولوەهاب، 2013، فەرهەنگی رەنگ، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەمە، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

موعێزی، سەحەر،2022، فەرهەنگی ئینسایکلۆپێدیکی ڕەنگی کوردی پازار، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیایی کوردی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە 474، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر .

موکریانی، گیوی، 1999، فەرهەنگی کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

ڕواندزی، عەبدوڵلا محەمەد ساڵح، 2009، ڕەنگ لە هونەری شیوەکاریدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەکاسیا، هەولێر.

سالار، ئەحمەد، 2009، ڕەنگ لە ڕەنگداندانداو لێکۆڵینەوەی چامە شیعری (ڕەنگدان)ی شاعیری گەل (شێرکۆ بێکەس) ، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
کاکەیی، هەردەوێل، 2005، ڕەنگ لە فۆلکلۆری کوردیدا، ئینیستویتی کەلەپوری کورد بنکەی کەرکوك، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
الأصفهاني، أبوالقاسم الحسين بن محمد الراغب (ت 502هـ) 1999، تفسير الراغب الأصفهاني، تحقيق:دزمحمد عبدالعزيز بسيوني، كلية الاداب جامعة طنطة، ط1.
بن عطية، أبو محمد عبدالحق بن غالب بن عبدالرحمن، 1422هجري، المحرر الوجيز في تفسير الكتاب العزيز تفسير ابن عطية، تحقيق: عبدالسلام عبدالشافي، دار الكتب العلمية، بيروت، ط1.
دراز، جمعة أمين، 2015، علم النفس اللوني: الرمزية اللونية، دار أمجد للنشر و التوزيع، الأردن .
الخفاجي، كريم شلال، 2012، سيميائية الألوان في القران، دار المتقين للثقافة و العلوم و الطباعة و النشر، بيروت ، لبنان.
السيد، خالد، 2015، العلاج بالألوان، دار المشرق العربي الجيزة جمهورية مصر العربية، الطبعة الأولى.
سيرنج، فيليب، ت:عبدالهادى عباس، 1992، الرموز في الفن- الأديان – الحياة، دار دمشق، سورية.
السيوطي، جلال الدين، 2005، جمع الجوامع المعروف بـ «الجامع الكبير»: (٩١١ هـ) ، تحقيق: مختار إبراهيم ، الأزهر الشريف، القاهرة - جمهورية مصرالعربية ، ط2 ، ٢٠٠٥ م.
صالح، 2012، دلالة اللون في القرآن و الفكر الصوفي، دار الزمان للطباعة و النشر و التوزيع، ديمشق سوريا.
الصفار، ابتسام مرهون، 2010، جمالية التشكيل اللوني في القرآن الكريم، عالم الكتب الحديث.
عبيد، كلود، 2013، الألوان (دورها، تصنيفها، مصادرها، رمزيتها، و دلالتها)، الطبعة الاولى، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت - لبنان.
عمر، احمد مختار، 1997، اللغه واللون، عالم الكتب للنشر و التوزيع، قاهرة .
القرطبي، أبو عبداللة محمد بن أحمد1964، الجامع لأحكام القرآن، تحقيق: أحمد البردوني و ابراهيم أطفيش، دار الكتب المصرية، القاهرة، ، ط2.
نوفل، يوسف حسن، 1995، الصورة الشعرية و الرمز اللوني، دار المعارف، مصر.
حمدان، أحمد عبدالله محمد، 2008، دلالات الألوان في شعر نزار قباني، رسالة الماجستير في اللغة العربية و آدابها بكلية الدراسات العليا في جامعة النجاح الوطنية في نابلس، فلسطين.
شحادة، نصرة محمد محمود، 2013، اللون و دلالاته في شعر البحتري، رسالة الماجستير في اللغة العربية و آدابها في جامعة الخليل.
عيساوي، فايزة، 2016، اللون و الدلالة في الشعر الجزائري المعاصر "نماذج مختارة"، رسالة الماجستير في اللغة العربية و آدابها.
فريدة، سويزف، 2017، جمالية اللون و دلالاته في الشعر العربي المعاصر. قراءة في ديوان بدر شاكر السياب، أطروحة الدكتوراه، جامعة جيلالي ليابس – سيدي بلعباس – كلية الاداب و اللغات و الفنون قسم اللغة العربية و أدبها.
ياسين، ربا محمود، 2014، أثر إدراك الألوان في تحسين عملية الاسترجاع، رسالة الماجستير في علم النفس التربوي.
آبادی، ليلى حاجي قاسمى/ ممتحن، مهدى، 1390هـ ، الجمال اللونى فى الشعر العربى من خلال التنوع الدلالي، نشريه: دراسات الادب المعاصر (التراث الادبى) | سال: 1390هـ| دوره:3 | شماره 19 .
البيرماني، فرح صالح غانم 2012، مجلة الأستاذ- العدد ( ٢٠٣ ( لسنة ١٤٣٣ هجرية – ٢٠١٢ ميلادية ... دلالة اللون في الشعر النسوي العراقي المعاصر ٤٨١ دلالة اللون في الشعر النسوي العراقي المعاصر م.م . فرح غانم صالح حميد البيرماني جامعة بغداد/كلية التربية للبنات قسم اللغة العربية.
خليل، ابراهيم محمود، 2006، ألفاظ الألوان و دلالاتها عند العرب، مجلة دراسات العلوم الإنسانية و الاجتماعية، العدد 3، المجلد 33، عمان – الاردن.
ربابعة، موسى، 1997، المتوقع و اللامتوقع، دراسة في جمالية التلقي، مجلة أبحاث اليرموك سلسلة الأداب و اللغويات المجلد 15/ العدد 2.
زغريت، خالد،2005، أساس الواقعي لجماليات اللون في شعر الأغربة الجاهليين، جامعة حمص سورية ، مجله الحوليات التراث عدد 3 ، Revue Annales du patrimoine university de Mostaganem Algerie (univ-mosta.dz)
شال، على پيرانى، ناعمى، زهرة، هاشمى، خديجة، ٢٠١٣، نقد اللون الأحمر والأخضر ودراستهما فى أشعار نازك الملائكة، إضاءات نقدية (فصلية محكمة) السنة الثالثة – العدد الثانى عشر - شتاء١٣٩٢ش/كانون الأول 2013م .
شريكي، أحمد، 2016، تعبيرية الألوان في السينما، المقال منشور في مجلة جماليات، العدد 3،ديسمبر، الدورية المحكمة التي تصدر عن: مخبر الجماليات البصيرة في الممارسات الفنية الجزائرية، جامعة عبدالحميد بن باديس مستغانم http://evpaa.univ-mosta.dz/wp-content/uploads/2017/11/RevueJamaliatarn03.pdf .
سهيلا، حسيني، احمد، منصور رضى. (شماره (74) بهار1392). نقد زيبايى شناختى رنگ در شعر فرزانه خجندى شاعر رنگ. فصلنامه، زبان و ادبيات فارسى، 120-143.
شبنم، فاتحى، على، قهرمانى، 1396، كاركرد عصر رنگ در مثنوى مولوى. فصلنامهء بهارستان (شماره(35) بهار 1396).
صابره، سياوشى، محمد، خسروى چيتگر، 1395، جايگاه نمادين رنگ در ادبيات پايدارى در اشعار قيصر امين پور و محمود درويش. مطالعات ادبيات تطبيقى (شماره(37) بهار 1395).
ناصر، نيكوبخت، على، سيد، زاده، قاسم، 1387، سمبوليسم نور و رنگ در عرفان- اسلامى. مطالعات عرفانى (شماره (8) پايز و زمستان 1387).
أحمد، سهام، 2013 ، العلاج و التداوي بالالوان .. العلاج الصبغي، كتابة : آخر تحديث 18 :ديسمبر https://www.almrsal.com/post/76515
طارق، وصال، 2020، أسرار وتأثيرات العلاج بالألوان، https://neronet-academy.com/colortherapy/